www.kurdistannet.org
14-10-2006 8:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# وەڵامێکی کورت بۆ قومری گەرمیانی. .. جیهاد محمەد

پێشەکی داوای لێبووردن دەکەم لە خوێنەران کە من سەریان دەیەشێنم بەم جۆرە نوسینو وەڵامدانەوەیە. لە پێش کاک قومری کویستانیدا زۆرێک بەم شێوازە نووسیان لەسەرم، من بێدەنگیم هەڵبژارد تا سەری کەس نەیەشێنم بە وەڵامی نوسینی بێسەرەوبەرەوە. بەڵام زۆر لە دۆستان و هاورێیان پێیان وابوو وەڵام نەدانەوە دەبێتە پشتڕاستکردنەوەی ئەو قسە بێسەرەو بەرانەی کە بەرامبەرم کراون. بۆیە هەوڵ ئەدەم زۆر بە کورتی وەڵامی کاک قومری کۆێستانی بدەمەوە. قومری خان، تۆ نە باجیت و نە گەرمیانیت، من باش دەزانم تۆ چیت لە ژێرسەردایەو دەتەوێ چ فێڵ و فەرەجێ بکەیت، بە خەیاڵی خۆت و بەم ناو گۆڕینەو بەم شێوازی نوسینە کە گوایە تۆ گەرمیانیت و بە دیالکتی گەرمیانیانە دەنوسیت دەتەوێ من بکەومە گومانەوە و بچم بە گژ ئەم و ئەودا، ئەم جۆرە قسانە هیچی لێ سەوز نابێت نە بۆ تۆو نەبۆ من و نە بۆ ئەو برادەرەی کە وەک من ناویت هێناوە لە نوسینەکەتدا. ئەگەر جەنابت ڕاستت بکردایە ئەم ناوە خوازراوەت بۆ خۆت هەڵنەدەبژارد و بە ناوی خۆتەوە قسەت دەکرد، ئەو سمینارەی تۆ ئاماژەت پێکردوە بە دەیان کەسی خویندەوار و ڕۆشنبیرو نوێنەر و بەرپرسی گەلێک لە حیزبە سیاسیە کان هاوبەشیان تیا کرد، چۆن ئەم هەموو ناڕاستی یە دەڵێیت؟، گوایە من و کەسانی تر ڕەوشی ئەو سمینارەمان تێک داوەو جەنابت ژڵسۆزیت و دەتەوەێ ئێمە بێدەنگ بکەیت و بمان کەیت بە پیاوی ساڵح. من بە باشی تۆ ناناسم و نامەوێت بە گومان قسە بکەم، بەڵام ئەوەندە دەزانم تۆئەوە نیت کە هەڕەشە لە من بکەیت و بم دەیتە دەست پۆلیس. ئەگەر دڵسۆزی کوردیت، بچۆ ئەوانە بدەرە دەست پۆلیس کە ئەنفالی کورد و کیمابارنی کوردیان کرد ئێستاش زۆرێکیان وەک بەرزەکی بانان دەسوڕێنەوە چ لە ئەوروپا و چ لە کوردستان. نوسیوتە: کە کەسێک بە ڕاسپاردە قسەی لە سەر ناوەندی چاک کردوە و جیهاد وەڵامی داوەتەوە، ئەو کەسە بەڕێزە زۆر لەوە گەورەترە کە بە ڕاسپاردە قسەی خەڵکی تر بکات لە سیمینارێکدا. بەڵێ، ئەو کەسە بەڕێزە گلەییەکی کرد لە ناوەندی چاک لە نەرویج، منیش بەو پەڕی ئەدەبەوە وەڵامم دایەوە، نەئەو کەسە بەڕێزە وەڵامەکەی منی پێ ناخۆش بوو نە منیش گلەییەکەی ئەوم پێناخۆش بوو. نوسیوتە: کە جیهاد هەر ڕۆژە بە جۆرێک دەخوێنێت، هەموو ئەو خوێندنانەی تۆ دەیڵێیت من شانازی پێوەدەکەم چونکە من لە کۆمەڵەی کۆمەک و ناوەندی چاک دا ئەندامم بە شانازیەوە، بە شانازیشەوە خۆم بۆ خۆم خاوەن فکرو دیدو بۆچوونی خۆمم و لە هەموو شوێنێکدا بە گوستاخانە ڕاو بۆچوونی خۆم ڕاگەیاندوە. جارێکی تریش وانیە، مەحاڵە من ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ناوی حیزبی شیوعی و پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە قسەم کردبێت. بەڵام تۆو کەسانی وەک تۆ هەرچ کەسێکتان بینی بە ئەندامی حیزبێکی ئۆپزسوێنی ووت مەرحەبا ئیتر بێ سێ و دوو ئێوە پۆشاکی ئەو حیزبەی دەکەن بەبەردا. وتوتە: جیهاد ڕقی لە ناوەکەی خۆیەتی لەبەر ئەوەی ناوەکەی ئیسلامیانەیە. من کاری فکریوو سیاسەت و دیالۆگ بە ڕق لێبوون ناکەم، ئەوە ڕەنگە خۆتبیت کە تەنها فێری ڕقو قین و توندووتیژبیبیت. من ناوی خۆم و  کەسایەتیم و کەسایەتی هەموو مرۆڤیکم خۆشدەوێت، لای من هەممو کەس لەم دنیایەدا بە حورمەت و کەرامەتە. ڕەنگە زۆر جار ئەوە کۆمەڵگا و کولتوری گەندەڵ و نادادپروەری و بەرتەسکبوونەوەی ئازادیەکان و نادیموکراتیەت بێت کە کارێک دەکات مرۆڤەکان وەک تاک تووشی هەڵدێر و کە کارێک دەکات مرۆڤەکان توشی هەڵدێر و تێکشاکان بن. ئەوانەش کە تۆ دەڵێیت ڕقت لێیانە، وانیە من ڕقم لە هیچ کەس نیە، ئەو کەسانەی من ململانێم لەگەڵیان هەیە زۆر بە هەڵوێسترن لە بەڕێزت چوونکە بەرەورووی یەکتری بە ئاشکرا وەستاوین و لە پشت پەردەوە هەوڵمان نەداوە ملی یەکتری بشکێنین و جنێو بە یەکتری بدەین. کەسانێکیش کە لە هەوڵ و کۆششدا بوون بۆ خزمەت بە گەلو نیشتمان بێگومان دەشکەونە هەڵەوە، بۆیە من هەر لێرەوە هەڵەم بەرامبەر بەهەر کەسێک هەبێت داوای لێبوردنی لێ دەکەم بەتایبەتی لەوانەی کە تۆ دەڵێیت ململانێم لەگەڵیاندا هەیە. هیوادارم ئەم کارەت دووبارە نەبێتەوە و بە خۆتا بچیتەوە و تۆش بێیتە ڕیزی ململانێی شەریفەوە وەک من و بەرامبەرەکانم.

نەرویج. 12. 10. 2006